www.kurdistannet.org 9-9-2002

# ینك و ڕەحیمی سەفەوی بۆچی لەیەكتر كەوتنە تەقە؟

بە لای مام جەلالەوە یەكێك لە ئەتوارە خراپەكانی فەرمانەدەی سوپای پاسداران خوێنڕێژ ڕەحیمی سەفەوی ئەوەیە كە سكی خۆی ناكاتە ئەنباری یەكیەتی نیشتمانیو زۆری پێناچێ كە ئەو نهێنیانەی كە لە ژوورە داخراوەكاندا لەگەڵ ینك دا بەیەكەوە قسەی لەسەر ئەكەن و بڕیاری لەسەر ئەدەن ئاشكرا ئەكات و بلاوی ئەكاتەوە.

كاتێك ینك هێرشی سەربازی كردە سەر ڕادیۆو بارەگاكانی حیزبی كۆمۆنیستی عیراق لە هاوینی 2000 دا لای خەڵك پاساوی ئەوەی ئەهێنایەوە كە ئەم كارە بۆ بردنە دەرەوەی هێزە چەكدارەكانی حیزبەكانە لەناو شارەكاندا و بۆ نەمانی دیاردەی چەكداری‌یە لە ناو شارەكانی كوردستاندا، بەلام حیزب هەرزوو ئەم پەردە نادرووستەی لەسەر سیاسەتی یەكیەتی هەڵماڵی و بۆ خەڵكی ڕوونكردەوە كە ئەسڵی مەسەلەكە چی‌یەو جمهووری ئیسلامی ئێران و شەخصی ڕەحیمی سەفەوی فشاری خستۆتە سەر ینك كە ئەگەر ئەوان لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری نەدەن سوپای پاسداران خۆی دەخالەت ئەكاو دێتە ناو كوردستانی عیراق بۆ لێدانی ئەم حیزبە، بەلام یەكیەتی چوو بەئاسماناو ئینكاری ئەم ڕاستی‌یەی كرد. زۆری نەبرد كە ڕەحیمی سەفەوی بۆخۆی لە ڕادیۆی سنەوە ینكی بەدرۆ خستەوەو سوپاس و قەدردانی لە ینك كرد بۆ لێدانی حیزب و بەجێهێنانی ئەم ئەركە لە جیاتی ئەوان.

ئەم جارەش ڕەحیمی سەفەوی نهێنی‌یەكی تری ئاشكراكردووە كە پێشتر لەگەڵ ینك ڕێككەوتبوون لەسەری بۆ دەستەمۆ كردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەكوردستان و بەر بە چالاكی چەكدارانە گرتن لەكوردستانی ئێراندا، بەلام ئەم جارە ینك وەكو جاری یەكەم بێ دەنگ نەبوو لەبەر ئەوەی هەل و مەرجەكە فەرقی هەیە لەگەڵ ساڵی 2000دا، ئەم جارەیان لێدانی عیراق لەگۆڕە لەلایەن ئەمریكاوەو ئیمكانی گۆڕینی هاوكێشە سیاسی‌یەكان هەیە لەناوچەكەداو یەكیەتی جارێكی تر ئومێدی گوڵی كردۆتەوە بە ئەمریكاو هێزە سەربازی‌یەكەی.

یەكیەتی نیشتمانی هەمیشە بەدوای ئەوەوە بووەو هەیە كە هێزو دەسەلاتی خۆی بپارێزێ بەسە ر خەڵكەوە، گرنگ نی‌یە لەگەڵ كام لایەن و كام هێزو دەوڵەت مساوەمە ئەكات و سات و سەودا ئەكات، ئەوەی غائیبە لە سیاسەتی یەكیەتی نیشتمانی و سەرجەم هێزە ناسیونالیستە كوردیەكاندا خودی ئینسانە لە كوردستانداو بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی خەڵكی زەحمەتكێش و كرێكارە لە كوردستاندا كە زوربەی هەرە زۆری كۆمەڵگای كوردستان پێك ئەهێنن.

بەلام دۆستایەتی و دەعوەتكردنی ئەم جارەی ینك لە ئەمریكاو هێزە سەربازی‌یەكەی لە زۆر سات و سەودای پێشووی ینك لەوانەیە زیانبار ترو خوێنهێنەر تر بێت بۆ خەڵكی كوردستان، وە خەڵكی كوردستان زۆر دەمێكە سیاسەتی ڕیاكارانەو نائینسانی ئەمریكایان بۆ دەركەوتووە بەرامبەر بە مەسەلەی كورد، وە جۆرج بۆشی باوك و كوڕیش هەر قووتابی هێنری كەیسنجەرن كە گەورەترین بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردیان فرۆشت بە ڕژێمی بەعس لە ساڵی 74 دا (ڕێككەوتنی جەزائیر) بەرامبەر چەند بەرژەوەندیەكی بچووك و بێ نرخ لە خەلیج و شەتتول عەرەبدا.

خۆشخەیاڵی یەنك بە هێزی ئەمریكا ئەوەندە بەرز بۆتەوە كە هەڕەشە لە جمهووری ئیسلامی ئێران و ڕەحیمی سەفەوی ئەكا بەوەی كە ئەبێت مەمنوون بن كە چالاكی چەكدارانەی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دانیشتووی كوردستانی عیراق ڕاگرتووە ئەگینا جمهووری ئیسلامی ئێران ئەبێت هێزێكی زیاتری سەربازی و ئینسانی سەرف بكات لە كوردستانی ئێراندا ئەگەر چالاكی ئەوان دەست پێ بكاتەوە.

فەتاح مەمەند/ كەنەدا